## لە ڕوو داوی 2006/3/16ی هەڵەبجە کێ؟ بەر پرسیارە؟؟!!. (بەشی یەکەم) ... جەمال فەتاح

لە ڕۆژی 2006/3/16 دا کۆمەڵێک خەڵکی گێرە شێوێن هێرشیان بردە سەر مینۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجەی شەهید و سوتاندیان، بۆ ڕوون بوونەوەی هەر چی زیاتری ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە ئەوە ماوەی 3 ڕۆژە من چاودێری ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامەکان و سایتەکانی ئەنتەنێت ئەکەم و ڕابردوو ئایندەی کورد و ناوچەکە و درزەکانی کورد و باڵە ئایدۆلۆژیەکان و وێنەی ئەو کەسانەی کە وێنەکانیان پیشاندراوە لە کاتێکدا کە مینۆمێنتەکە تالاَن ئەکەن و ئەسوتێنن ئەخەمەژێر ورد بوونەوەی مێشکم، لەئەنجامی هەموو ئەمانەدا ئەم لێکۆڵینەوەم لە سەر ئەو ڕووداوە هەڵێنجاوە، بەو هیوایەی توانیبێتم ڕاستییەکان وەک خۆی بپێکم و چیتریش هەندێک کوێرە نوسەر ڕاستییەکان لە جەماوەری گەلەکەمان ئاوەژۆ نەکەن.

سەرەتا سایتی درۆکان و تاهیرە ڕەشی کۆنە سیخوڕی بەعس و تازە سیخوڕی میتی تورکیا و ئاغای کونجرینی و هەندێک گەنگەیتر، زورڕنای ئەوە ئەژەنن کە بە خەیاڵی پوچیان تاوانی ئەو ڕووداوە بخەنە ملی پارتی دیموکراتی کوردستان، .

إ-ئایە؟ئەبێت بەرژەوەندیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەچیدابێت کە مینۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە بوستێت؟! کە بێگومان هیچ بەرژەوەندییەکی پارتی تێدا نییە، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان هەردەم لایەنگری ئاژاوە نانەوە و گێرەشێوێنی نەبووە و بەتایبەتی ئێستاش کە پارتی دیموکراتی کوردستان باڵێکی گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و خاوەنی پێگەی جەماوەری خۆیەتی وە پارتی دیموکراتی کوردستان هەرگیز لە هەڵبژاردن و پرسیپی دیموکراسی نەترساوە، تاکو وەکو هەندێک لایەن ئاژاوە گێڕی بکات بۆ ئەوەی هەڵبژاردن نەکرێت، چونکە پارتی هەردەم دڵنیا و پشت ئەستوور بووە لە جەماوەری خۆڕاگری خۆی بۆیە هەر گیز لەدوای ئاژاوە گێڕی نەبووە و هەرگیزیش نەی ویستووە لەسەر حسێبی لایەنی تر یان لەسەر واژە کردن و سەپاندنی شەڕی کورد کوژی پێگە کانی خۆی دابمەزرێنێت یان قایم بکات وەک هەندێک لایەن بەدرێژایی مێژوویان کردوویانە، وە بەشاهیدی دۆستوو دوژمنی گەلەکەمان پارتی دیموکراتی کوردستان هەر گیز دەست پێشخەر نەبووە لە هەڵگیرسانی هیچ شەڕێکی براکوژیدا و هەرگیس بەدرێژایی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان ویستی شەڕی برا کوژیی نەبووە، پارتیش وەکو لایەنێکی خاوەن مێژوو هەردەم ئەزانێت چۆن مامەڵە لەگەل خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی خاوەن تراژییدیای هەڵەبجەی شەهید بەتایبەتی دا بکات بۆیە هەرگیز پارتی دیموکراتی کوردستان نەکارێکی کردووە کە برینەکانی خەڵکی هەڵەبجەی شەهید بکولێنەوە و نە لە ئایندەشدا پەنجە بۆ وەها کارێک ئەبات کە برینی خەڵکی هەڵەبجەی پێبکولێتەوە، بەڵکو هەردەم هەوڵی داوە بەتایبەتی ئەوکاتانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر هەڵەبجە حاکم بوون کەبرینەکانی خەڵکی هەڵەبجەی شەهید ساڕێژبکرێت، وەک ئێستاش خەڵکی هەڵەبجەی شەهید هەر باسی ئەو سەردەمە ئەکەن کە پارتی لە هەڵەبجە حاکم بوون کە سەر جەم خێرو خۆشی بوون بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید، ئێستاش بەشاهیدی هەمو خەڵکی ناوچەکە خەڵکی هەڵەبجە بە ئاواتی حاکمیەتی پارتین، بۆ نمونە کاتێک پارتی لە هەڵبجە بوون سەرجەم ناو بازاڕ و شەقامە گشتییەکانی هەڵەبجەیان کۆنکرێت ڕێژ کرد کە بەئێستاشەوە هەر ئەو کۆنکرێتەیە ئەڵبەت ئەبێت ئەوەش بڵێم ئەوکاتە پارتی

لە سنوری هەڵەبجە كارگەی قیری لە بەردەستدا نە بوو بۆیە ناچار بوون هەرچەند دووبەرانبەر پارەی تێچوو كۆنكرێتیان كرد، وە ئێمە دڵنیاین ئەگەر یەكێتی نیشتمانی ڕاستییەكان دیزە بەدەر خۆنە نەكات لە زووترین كاتدا ڕاستییەكان دەر ئەكەون بۆ گشت لایەک، وەک ئێستاش ئاشكرایە، ئەو كاتەش پڕمووشە نوسەرەكانی سایتی درۆكان و ئاقای كونجرینی و تایەرە ڕیشی فایل ڕەش و كەمال چنۆكی سایتی درۆكان جگە لە ڕیسوایی هیچیتر یان بۆ نامێنێتەوە. ب-ئایە؟ئەو تاكە كەسە كە كوژرا لەو ڕووداوەدا سەر بە ڕێكخستنەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان نەبوو؟!!. ج-ئایە؟چوار لە بریندارەكان سەر بەڕێكخستنەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان نەبوون؟!!. كاتێک لە 6 بریندار 4 برینداریان سەر بە ڕێكخستنەكانی یەكێتی بێت؟ تاكە یەک كەس كوژرابێت لەو ڕووداوە دا سەر بەڕێكخستنەكانی یەكێتی بێت، ئیتر بۆچی خەتای پارتی دیموكراتی كوردستان بێت ئەی بۆچی؟ڕۆشنبیرانی كورد بەشوێن ئەتەرناتیڤی تر یان بەشوێن ڕاستی ڕووداو یان بەشوێن ئەو دەستانە ناگەڕێن كە لەدوای ئەو ڕووداوە بوون؟!!. ئایا بۆچی قارەمانانی شەڕی براكوژی ئەو ڕووداوە ئەخەنەوە ملی پارتی دیموكراتی كوردستان؟!.

وەک لە وێنەی گێرە شیوێنەكانیشدا بەدەر كەوتووە بۆ هەموولایەكمان ئەو ئەو كەسانەی كە هەڵسان بە سوتاندنی مینۆمێنتەكە هیچیان لە لایەنە ئیسلامییەكان نە ئەچوون، ئەم بەڵگانەی سەرەوە ئەوەمان بۆدەست نیشان ئەكات كە ئەوانەی بەوكارە ناشیرین و دور لە قییەمە هەڵسان و مینۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجەیان سوتاند سەر بە ڕێكخستنەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان بوون؟؟!!، وە زۆربەشیان گەنجی مەراهیق بوون كە تەنها بە دوو وشەی بریقەدار هەڵ ئەخەڵەتێن؟!!.

گەلۆ ئەی بۆچی؟ڕێكخستنەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان هەڵسن بە ئاژاوە نانەوە و سوتاندنی مێنۆمێنتی هەڵەبجەی شەهید لە ناو شاری هەڵەبجەی شەهید دا؟؟!!.

ئەم پرسیارانەی سەروە دەر هاوێشتەی كۆمەڵێک كێشەی درزەكانی كوردە بەتایبەتی درزەكانی ناو یەكێتی نیشتمانی كوردستان كە لە بەشەكانی تری ئەم وتارەدا دێمە سەریان و ئامازەی وردیان بۆ ئەكەم بە بەڵگەوە..

بەشی یەكەم تەواو بوو..

جمال فتاح
2006/3/20
لەندەن